# ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ ورێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهلو ئەبو هورێرە! ... بەشی حەڤدەهەم... پێشەوا کەرکوکی

## ئیسلام بەرنامەی ژیان، یان تێکدەری ژیان؟

باسی ئەوە دەکەیت کە ئیسلام بەرنامەی ژیانەو لەهەموو شتێکەوە (ڕاستییەکەی لەهەموو ڕوویەکەوە-پێشەوا) تێرو تەسەلەو (ناتوانن تەنیا یەک ڕەخنەی بچووکیش لەئیسلام بگرن). کۆپلەی دووەمیانت زۆر ڕاستە کە دەڵێی (ناتوانن تەنیا یەک ڕەخنەی بچووکیش لەئیسلام بگرن)، یەکەمیان چونکە هەرکەسێک تەنیا یەک ڕەخنەی بچووکیش لەئیسلام بگرێت، ئێوەی ئیسلامی زمان، گوێ، لووت، دەستو قاچەکانی بەشمشێرە ژەنگاوییەکانی (14) سەدەی بەر لەئێستا دەبڕن، ئەوە ئەگەر نەیکوژن! دووەمیش ئەوەی تۆ نووسیوتە هەڕەشەیە، نەک لەبەر ئەوەت بێت کە قورئانو ئیسلام بێ کەموکوڕی بن، ئێوەی ئەقل قوندەش ئەوەندە دیموکراتی! ئەی ئەوە نییە ڕۆژ بەڕۆژ باسی کەموکوڕیو کارە نامرۆڤایەتییەکانی ئیسلام دەکەم؟ ئەی ئەوە نەبوو عەبدولخالیق مەعروف، ئارام ڕەشید، تەها هەڵەدنیو مەریوان هەڵەبجەیی ئەوەندە ڕەخنەیان لەئیسلام گرتووەو گەیشتۆتە ڕادەی ئابڕووبردنی ئیسلامو بەگۆڕەوە کردنی پڕخڵەواتەکانتان؟ ئاخر ئیسلام، باوەڕی بە دیموکراتی، ئازادی ئایینو بیروراکان نییەو، هەردەم هەوڵدەدات سنوورێک بۆ ژیانی مرۆڤەکان دیاری بکاتو ژیانیان لێ تەسک بکاتەوە، ئایە ئەمە دەبێتە بە بەرنامەی ژیان، یان تێکدەری ژیان؟

تۆ باسی درندایەتی لەشکری مەغۆلو تەتەر دەکەیو، پێت وایە درندەیی ئەوان لەمێژوودا هاوتای نەبووە، مەگەر نەزانی کەسێکی وەکو تەیموری لەنگ کەدرندەترین سەرکردەی مەغۆلەکان بووە، هەموو ئەو کوشتارو تاڵانو درندایەتییەی ئەو کردوویەتی لەپێناوی بڵاوکردنەوەو گەشە سەندنی ئایینی ئیسلامدا ئەنجامی داوە؟ ڕاستە تەتەرو مەغۆلەکان درندە بووینەو هەرچی کاری دژی مرۆڤایەتی بێت کردوویانە، بەڵام موسڵمانەکان بەسەدانجار لەوانیان خراپ تر کردووەو، مەغۆلەکانو تەتەرەکان شاگردی ئیسلامەکان بووینە سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانو کوشتنو تاڵانکردنی سامانو بردنی کەنیزە!

نووسیوتە: (جا ئەگەر ئەمە حاڵی دکتۆرو مێژوونووسی داخ لەدڵ بێت بەرامبەر ئیسلام، ئەی دەبێ حاڵی ئەو هەرچیو پەرچییە داخ لەدڵانەی کە هیچ سەنگێکیان نییەو تازە دەیانەوێت خۆیان فێرە نووسین بکەن، چۆن بێت؟). دەربارەی ئەو بابەتەی دکتۆر سەعیدو حوزنی موکریانی هیچ زانیارییەکم نییەو، نازانم چۆنەو چۆن نییە، بەڵام وادیارە بەلای تۆوە هەر کەسێک، ئەگەر هاتوو لەکاتی لێکۆڵینەوەیەک یان تۆژینەوەیەک هەڵەیەکی کرد، ئەوکاتە نەک تەواوی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە، بەڵکو ئەوانەی لەڕووی بیرو باوەڕیشەوە لێیەوە نزیکن بەرهەمەکانیان ڕەت دەکەیتەوە؟ ئەمەش داهێنانی بیردۆزەیەکی نوێی ترە لەلایەن جاش ئیسلامییەکی وەک تۆوە. دەباشە ئەگەر لەسەر ئەو بیردۆزەیەی خۆت بڕۆیت، دەبێت تەواوی قورئان ڕەت کەیتەوە، لەسەرئەوەی کە خودا لە سورەی لقمان، ئایەی (34) دەڵێت: (هەر خوا خۆی دەزانێت چی لەسکی دایکاندا هەیە)، کەچی ئەو ئایەتە وا نییەو چەندین ساڵە زانستی پزیشکی توانیویەتی لەڕێگای بەکارهێنانی ئامێری ڕۆشناییەوە کۆرپەی ناو سکی دایکان دیاری بکات کە کچە یان کوڕ! دیسان ئەگەر بەقسەی تۆو بیردۆزەکەت بێت، دەبێت هێڵێکی ڕاستو چەوت بەسەر تەواوی نووسینەکانی مێژوونووسی ئیسلامی عارەبی(ئەلمەسعودی)دا بێنین، چونکە ئەو لە (مروج الذهب) و (معادن الجوهر)دا باسی ئەوەی کردووە کە کورد لەئەنجامی زینای جارییەکانی سلێمانی بەناو پێغەمبەرو ئەهریمەن (شەیتان)ەوە پەیدا بووینە.(1). کەچی زۆربەی زۆری موسڵمانەکانو نووسەرانی ئیسلامو هەتا مێژوونووسانی کوردیش سوود لە پەرتووکەکانی ئەلمەسعودی وەردەگرنو وەکو سەرچاوەی گرنگ ناویان دەبەن! ئێ خۆ تەبەری مێژوونووسی بەناوبانگی ئیسلامو عەرەب،

تەمەنی گەردوونی بە حەوت هەزار ساڵ داناوە، کەچی زاناکانی گەردووناسی توانیویانە بیسەلمێنن کە تەمەنەکە پێنج ملیار ساڵە. ئاشکەراشە کە جیاوازی نێوان بۆچوونەکەی تەبەریو گەردووناسەکان یەکجار زۆرە، ئایا دەکرێت لەبەر ئەو بۆچوونە هەڵەیەی ئەو گشت بەرهەمەکانی تەبەری رەت بکەینەوە؟

دەربارەی ساڵی 13کۆچی کە بەرامبەر بە (634)ی زایینییە، ئەوە لەکاتی نووسیندا هەڵەم کردووەو داوای لێبووردن لەخوێنەران دەکەمو محەمەدیش لەساڵی 11ی کۆچی کە بەرامبەر بە (632)ی زایینە مردووە. هەروەها تاوەکو داگیرکردنی ئیسرائیل لەلایەن میلیشیای داگیرکەری ئیسلامەوە لەساڵی (638ز)دا، ئیسرائیل کە خاکی جوولەکەکان بووە بەڵام بەدەست بێزەنتییەکانەوە بووەو، لەو ساڵە بەدواوە عارەبی ئیسلام هاتوونەتە ئەوێ. هەرچی دەربارەی ئەوەشە کە نووسیومە: (ئەوە قسەی موسای کریستانەکانە)! ئەوە لەکاتی نووسیندا بەسەرمدا تێپەڕیوە، ئەگینا هەر نۆ دێر خوارتر نووسیومە: (بەگوێرەی ئایەی (21)، بۆمان دەردەکەوێت کە موسا داوا لەجوولەکەکان دەکات بچنە ناو قودس). بەڵام دیارە تۆ تەنیا مەبەستت گەورەکردنی شتەکان بووە، ئەگینا ئەمەشت دەبینی.

ئاماژەت بەوە داوە کە سەیرێکی (بەئیسلام کردنی کورد ماستەرنامە یان هەڵە نامە)کەی فازل قەرەداغی بکەم. دەمێکە ئەو رەخنەیەی (قەرەداغی)م خوێندۆتەوە لەگەڵ ماستەرنامەکەی شوان عوسمان مستەفاو نووسینەکانی سەلام ناوخۆشو هیوا سەلام، کە تۆش بۆچوونەکانی ئەوان کاوێژ دەکەیتەوەو هەمووتان ئیسلام بوون لەبری بەئیسلام کردن بەکار دەهێنن! تۆ باوەڕت بەنووسینەکەی فازل هەیەو منیش بەوەی شوان. فازلیش کەسێکە وەکو تۆو رازی نابێت بەداگیرکارییەکانی عارەبە موسڵمانەکان بگووترێت داگیرکردنو رزگارکردنو (فتوحات) بەکاردەهێنێت. ئاخر چۆن باوەڕ بەنووسینی کەسێک بکەم کە ئاماژەت پێکردووەو ئاوا باسی داگیرکارییەکانی میلیشیای ئەنفالو تاڵانچی عارەبە موسڵمانەکان دەکات: (راستییەکی تر ئەوەیە مەبەستی (فتوحات)ی ئیسلام سەپاندنی ئایینی ئیسلام نەبوو، دانانی سێ هەڵبژاردە (ئیختیار) لەبەردەم ناموسڵمانان "موسڵمان بوون یان جزیەدانو مانەوە لەسەر ئایینی خۆیانو یان شەڕ" ئەمە رەت دەکاتەوە. ل8). ئەو قسەیەی فازل پێمان دەڵێت: (شەل نییەو پای شکاوە)، دواتر هەر هیچی بەسەر راسییەوە نییەو، چونکە مەبەستیان لە ئیسلام بوون سەپاندنی ئیسلامە، جزیەدان دووبارە سەپاندنی ئیسلامو خۆ بەهێز کردنە، شەڕیش سەپاندنی ئیسلامو جزیەدانو کۆیلەکردنو بەتاڵانبردنی ژنو کچو سامانو داگیرکردنی وڵاتو سەرکوتکردنی نەتەوەیە. کەچی دەتانەوێت بەم ناراستییانەتان باوەڕ بکەم؟ ئەو سێ هەڵبژاردەیەی ئیسلامیش هەروەکو چیرۆکی ئاسکو کەروێشکەکەیە کە دەڵێت: (ئەگەر کەروێشکەکەت دەوێ، کەروێشکەکە ببە، ئەگەر ئاسکەکەشت دەوێت ئەوە هەر کەروێشکەکە ببە). لێرەشدا مرۆڤ هەر یەکێکیان هەڵبژێرێت، ئەوە مانای بەکۆیلە کردنو زەلیلیو ژێردەستەیی خۆیو نەتەوەکەیو سڕینەوەی نیشتمانەکەی دەگەیەنێت.

دەربارەی ئامانجی پەلامارو داگیرکردنەکانی ئیمپریالیزمی ئیسلامی، فازل بەمشێوەیە پاساو بۆ داگیرکردنەکان دێنێتەوە: (بڕیاردانیش لەسەر ئەنجامدانی (فتوحات) بۆ دەستکەوتی ماددی نەبوو. ل8). ئەی باشە ئەو هەموو تاڵانو دزیو زەوتکردنی هەرچی پارەو سامانێک کە دوژمنانی ئیسلام هەیانبووە، لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بۆ ئەنجام دراوەو لەپێناوی چیو بەچ مەبەستێک بووە؟

گەورەترین نادادپەروەریو ناراستگۆیی فازل لەوە دەردەکەوێت کە پاساو بۆ کارە نامرۆڤایەتییەکانی ئەمەوییەکان دەهێنێتەوە، فازل لە لاپەڕە (16)دا وای نووسیوە: (وەرگرتنی جزیەش لەو کەسانەی تازە موسڵمان ببون لەلایەن هەندێ خەلیفەی ئەمەوییەوە تەنها لەبەر هۆکاری دارایی بوو نەک نەتەوەییو هەوڵێکی ئەنقەست نەبوو بۆ دوورخستنەوەیان لە ئیسلام). ئەو قسەیەی فازل جگە لەدرۆیەکی زل هیچی تر نییە! پێشتر فازل باسی ئەوە دەکات کە بڕیاری داگیرکردنەکان لەپێناوی دەستکەوتی مادی نەبووە، کەچی ئێستا باسی ئەوەمان بۆ دەکات وەرگرتنی جزیە

لەلایەن ئەمەوییەکانەوە لەبەر هۆکاری ماددی بووە نەک نەتەوەیی! ئەی باشە ئەگەر لەبەر هۆی دارایی‌و نەتەوەیی نەبووە، بۆ ئەمەوییەکان سەرەڕای جزیە وەرگرتن لەو نەتەوانەی کە ناعارەبن، بە (مەوالی)شیان ناوزەد دەکردن‌و تەنانەت عارەبەکان رازی نەدەبوون نوێژ لەدوای ئەو بەناو (مەوالی)یانە بکەن؟ مەلا سوار سەلیم (وەکو ئەو کەسەت لێهات کە بۆ ریش جوو، سمێڵیشی نایە بان)، ئاماژەت کردبوو کەسەیرێکی پەرتوکەکەی فازل قەرەداغی بکەم، نەتزانی پۆخڵەواتی ئەویش دەردەکەم! دوای ئەوەی تەنها چەند لاپەڕەیەکم هەڵدایەوە لە پەرتووکەکەی ئەو، ئەوەندەم دەستکەوت، خۆ ئەگەر هەموویم دووبارە بخوێندایەوە، زۆر شتی تریشم دەسدەکەوت!

نووسیوتە: (ئێستاش بێینەوە سەر ئایەتەکان، خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزانەدا فەرمان بەحەزرەتی موسا دەدات کە بچنە ناو ئەو شوێنە پیرۆزانە تاوەکو بە بەرنامەی ئەو کاروباری خەڵک هەڵسوڕێنن تیایاندا نەک بۆخۆیان بێت پشتاوپشت، هەروەکو جەنابت تێیگەیشتووی! چونکە خوای گەورە خزمایەتی لەگەڵ کەسدا نییە، ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان خوای گەورەو بەندەکانیدا هەیە، پەیوەندی خواپەرستییە، کەواتە هەرکەسێک لەخەڵکانی تر خواپەرست تر بێت، ئەوە لەخوا نزیکترە، کەواتە خوا کاتێک شوێنێک دەداتە خەڵکانێک، ئەگەر بەرنامەی ئەو پیادە بکەن، بەڵام ئەگەر لەبەرنامەی خوا لایاندا، ئەوا لەوکاتەدا هەروەکو باسمانکرد خوا خزمایەتی لەگەڵیاندا نییە تا زەوییان پێبدات، نەک هەر ئەوان بەڵکو پێغەمبەریش، ئەگەر فەرمانەکانی خوا جێبەجێ نەکات‌و هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکات، ئەوا هەموو کردەوە باشەکانی بەفیڕۆ دەڕوات‌و هیچ ڕێزێکی لای خوا نامێنێت). باشە ئەی گوایە خواکەت فەرمانی بەعارەبەکان داوە لەدوای بەناو (فتوحاتی ئیسلامی)و لەڕاستیدا داگیرکردنەکان، لەوڵات‌و خاکی نەتەوەکانی تردا بمێننەوە؟ ئایا لەسەر داواکاری خوا عارەبەکان لەسەر خاکی نەتەوەکانی تردا ماونەتەوەو دەستیان بەسەردا گرتوون؟ سوار سەلیمی جاش ئیسلامی، مێژوو گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات کە عارەبەکان جگە لەنیمچە دوورگەی عارەب (حیجازو یەمەن) هیچ شوێنێکی تریان نەبووەو شوێنەکانی تریان لەڕێگای پەلامارو شەڕەوە داگیرکردووەو تاوەکو ئێستاش تیایدا ماونەتەوە، باشە بەقسەی تۆ بێت، دەبوایە عارەبە موسڵمانە داگیرکەرە ئیمپریالییەکان دوای بڵاوکردنەوەو گەیاندنی ئایینی ئیسلام، خاکی نەتەوەکانی تریان جێبهێشتایەو بگەڕابانایەوە ئەو شوێنانەی کە لێیەوە هاتبوون؟ ئەی بۆ نەک هەر نەگەڕانەوە، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی کە خاکی ئەو نەتەوانەیان کرد بەخاکی خۆیان، هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکانی تریشیاندا لەنێو نەتەوەی عارەبدا؟

زۆر شانازی بەشەڕی خەیبەرەوە دەکەیت، بەڵام ئایا دەزانی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا لەپێناوی دەست بەسەر داگرتنی گەنجینەکانی جوولەکەکانی خەیبەر بوو کە محەمەد پێشتر لەلایەن کابرایەکی جوولەکەوە شوێنی شاردنەوەی ئەو گەنجینانەی بۆ دەستنیشان کرابوو؟ هەروەها دەزانی محەمەد لەپێناو داپۆشینی ئەو شکستەی کە لە ڕێککەوتنی حودەیبەدا هێنابووی، هەڵسا بەلەناوبردنی جوولەکەکان‌و، بۆ یەکەمجاریش ئەو پێغەمبەرە نازدارەتان چەکی کۆکوژی‌و وێرانکەری مەنجەنیقیان لەدژی ژن‌و منداڵان‌و خەڵکی سیڤیل بەکارهێنا؟

ئیمام سوار سەلیم، بەپێچوپەنا باسی ئەوەت کردووە کە مام جەلال لەساڵی (1983)دا (کە راستییەکەی ساڵی 1984 بوو نەک 1983- پێشەوا)گوتوویەتی : (صدام هو الحكم وليس الخصم). بەندەش وەکو تۆ گلەیی هەیە لەم وتەیەی تاڵەبانی، بەڵام ئەی بۆ گلەیی ئەوەش لە سەلاحەددین بەهائەدینی یەکگرتوو ناکەیت کە بەر لەڕووخانی رژێمەکەی بەعس‌و دکتاتۆری فاشی، هەموو جارێک سەردانی کۆنسولخانە (سیخوڕخانە)ی ئێراقی دەکرد لە تورکیاو پاسەپۆرتە ئێراقییەکەی نوێ دەکردەوە؟ باشتر وایە بۆ خۆت‌و هاوشێوەکانت دەم لەنووسین نەدەن‌و بچن لەکونجی مزگەوتێکا لێی دانیشن‌و ببن بە بانگدەر یان مجێورو، لەوێ چاوەڕێ بکەن تاوەکو ئەو رۆژە دادێت کە چۆن خومەینی کلیلی بەهەشتی بەسەر پاسداران‌و پەسیج‌و لایەنگرانی خۆیدا دابەش دەکرد، ئێوەی کرێگرتەی ئیسلام‌و نۆکەری عارەبیش چاوەڕێی کلیلی بەهەشت بکەن تاوەکو (هيئة علماء المسلمين (المخربين)، جيهاد وتوحيد، جيش محمد، أنصار السنة،

أنصار ألاسلام، کوڕی لادنی گەورە تیرۆریست، مەلا کرێکار، عەلی باپیر، سەلاحەددین بەهائەدین، عەلی عەبدولعەزیز یان دکتۆر عەلی  قەرەداغی) بۆتانی دەنێرن، چونکە تائێستاش بەلای ئێوەوە دونیا لەسەر قۆچی گایەو، گا لەسەر پشتی ماسییەو، هەرکاتێک ماسییەکە خۆی بجولێنێ دونیا کاولو وێران دەبێت. تاوەکو زووە بۆ خۆتان بڕۆن پەلە بکەنو لەمزگەوتەکاندا شوێن بگرن، نەوەک بەم زووانە دونیا کاول بێتو کلیلی بەهەشتیشتان دەست نەکەوێت!

مەلا سەلیم، ئەی بۆ لەسەر سوریا نانووسیت، کە تەنیا چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا لەگەڵ ئیسرائیل یەکتریان دڵنیا کردەوە کە نە سوریا خۆی بخاتە ناو ئەو شەڕەی ئیسرائیلو (حزبو الله)ی تیرۆریستو، نە ئیسرائیلیش پەلاماری سوریا بدات؟ ئەی بۆ زمانتان لەئاست میسرو حوسنی نامومبارەک لاڵ بووە، کاتێ کە رازی نابێت باڵیۆزی ئیسرائیلی لە قاهرە وەدەرنێت؟ یان پێتان وایە ئەمەشیان لەبەرژەوەندی ئیسلامە بۆیە بێدەنگن، چونکە ئەگەر باڵیۆزی ئیسرائیل دەربکرێت لە میسر، ئەوکاتە بەخراپ دەشکێتەوە لەسەر عارەبی میسرو ئەوانیش ئیسلامنو زیانیش بەگشت موسڵمانان دەگەیەنێت، وانییە؟ ئەی بۆ دەنگتان نەکردو ناڕەزاییتان دەرنەبڕی لەدژی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، عەبدوڵڵا غول بۆ ئیسرائیل لە 20.8.2006دا؟

(1). دکتۆر جەمال نەبەز، کوردانی سەرگەردانو برا موسڵمانەکانییان، وەرگێڕانی سوارە قەڵادزەیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر 2005.